# بەشی ناوخۆ یا
# حوجرەی فەقێیان؟

**ئەحمەدی مەلا**

یەکێک لە فاکتەرە بنەڕەتییەکانی چەرخی راپەڕین لە وڵاتێکی وەکو فەرەنسا کە گەلێ نووسەر و فەیلەسووفی ئەو سەردەمە جەختی لەسەر دەکەن و دەیکەنە سنوور لە نێوان چاخەکانی ناوەند کە بە لایەن کەم پێنج سەدەی خایاند، ئەویش رۆڵی پەروەردە بوو. پەرەوەردە لە چاخەکانی ناوەند لە لایەن زانکۆی سۆربۆنەوە بەڕێوە دەچوو کە لاهووت و کڵێسا دەستیان بەسەردا گرتبوو و لە سەر مێتۆدی وتنەوە و وتنەوەدا بەند بوو. لادان لە دۆگمەکان لادان بوو لە مەعریفە.
هەموو دەزانین مێتۆدی حوجرەکانی لای ئێمە کە تا ساڵانی پەنجای سەدەی رابردووش لە جموجۆڵدا بوو ؛ نەک تەنها ناوەرۆکی زانیارییەکان، جا چ ئاینیی بووبێتن : سەرجەم زانیارییە میتافیزیکییەکان، چ رێزمان و فەلەکناسی بووبێتن یا زانستەکانی سەرف لە ناوەرۆکە نەبزێوەکانی دا پەیوەندییان بە باوەڕەوە هەبوو و سەرجەمی ئەم زانیارییانەش، هەڵبەتە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمەکانی پێشزانست.
ئەوەشی پەیوەندی بە شێکلەکانەوە هەبوو : وەکو پەیوەندی قووتابی و مامۆستا یا پەیوەندی عەوام لە گەڵ مامۆستاو و قووتابی لە سەر بنچینە کۆمەڵایەتییە–ئاینییەکان بەند بوون.
ئێمە باس سەردەمێک دەکەین کە ئاین و زانستی پەتی یەک شت بوون و ئاین سەرچاوەی هەموو زانیارییەکان بوو. لە ئاینەوە دەڕوانرایە زانستە پەتییەکان، نەک بە پێچەوانە، رەنگبێ تا ئێستای ئەم جیهانبینییە لە زۆر شوێن لە ئارادابێت!
بۆ ئەوەی تۆکمەتر بێت، ئەم پێشەکییە گەلێ زیاتری پێویستە بۆ ئەوەی دەیان لقوپۆپی دیکە لەم باسە جودا بێتەوە، بەڵام مەبەستی من ئەمەی لای خوارەوەیە:
لە سەفەری دوایم بۆ شاری سلێمانی تەنها هەر یەک شەو مامەوە و ئەو شەوەش مێوانی بەشی ناوخۆی زانکۆ ئەهلییەکەی شاری سلێمانی بووم.

لێرە بە پێویست دەزانرێت چەند خاڵێک لە سەر حەرفەکان دابنرێت و بزانێن سیستەمەکانی پەروەردە لە دەڤەرەکەی مە، تا چ رادەیەک پێی ناوەتە نێو چاخە نوێیەکانی و لە سیستەمی حوجرەییەکانی سەدەکانی ناوەند دوور کەوتۆتەوە؟
بەشی ناوخۆ لە خانوویەک پێکهاتووە کە جاران ماڵ بووە، واتە لە سەرەتادا بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە. حالەتێکی ئاسایی بۆ زرووفێکی نائاسایی، بەڵام ئەوەی کە زۆر جێی سەرنجە لە هەر ژوورێک چوار قووتابی تیا دەژێن کە لە هیچ ژوورێکیش تەنها مێزێک نییە بۆ خوێندنەوە و موتالەعە و سەعیکردن. مینا حوجرەی فەقێیان، لە سەر فەرشەکە لە سەر سک موتاڵەعە دەکرێت و لێکۆڵینەوە دەکرێت...
ئەم تێڕوانینە گەلێ دوورە لە نەمەتی نوێی ژیان، بەڵکو بە هیچ شێوەیەک بەشداری ئەوە ناکات کە قووتابی لە سەر ئاستی ژیانی شەخسی خۆی گەشە بکات و تایبەتمەندییەکانی خۆی بدۆزێتەوە و ژیانی حەمیمی خۆی بپارێزێت. جاران لە ژووری فەقێیانیش بەم شێوەیە ژیانیان دەبردە سەر،

بەڵام ئەم جۆرە ژیانە دەگونجا لە گەڵ دیدەنیگا دەستەجەمعییەی کە ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا و بڕوایان پێی هەبوو. فەقێ-قووتابی تەنها یەکێک بوو لە نێو کۆیەک کە سەرجەم ئامانجەکانی تاکەکەس لە نێو ئامانجەکانی کۆگەرایی دا دەتوایەوە.
گرووپی بچووک سەر بە ئوممەیەک بوو کە هەموو تەڵاش و تەقەڵاکان دەبوونە جۆگەلە و هەمووشی دەرژانە یەک رووبارەوە و رووباریش بەرەو زەریای ئیمان شۆڕبووەوە. مێتافۆرێک بۆ جۆرە پەیوەندییەک. پرسیاری تاک نەدەکرا. چەمکەکانی تاک هێشتا چەکەرەی نەکردبوو. پەیوەندییەکان هەرەمی بوون. لە نێو هەرەمییەتی سوختە و موستەعید و مامۆستادا تەشکیل دەبوو. بە واتایەکی دی، هەموو چالاکییەکان لە نێو گرووپگەرایی دا روویان دەدا.
بەڵام ئێمە دەچینە قۆناغێکی دییەوە. زانست و زانیارییەکان نیسبین و رۆڵی تاک لە جوولانەوە زانیارییەکان نەک تەنها بنەڕەتییە، بەڵکو زەروورەتە و دەبێ گەشە بە سەرجەم ئەو تایبەتمەندییانە بدرێن و تا شوێنپەنجەی تاک و مۆرکی شەخسی بناسرێتەوە. یەکێکە لە نهێنییەکانی گەشەکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵ.
ئەم تایبەتمەندییانە دەبێ لە سیستەمی پەروەردەدا رەنگ بدەنەوە و دەبی جیهانی تاک شوێنی رێز بێت، شوێنی رێزیش بە پلەی یەک شوێنی تاک دەگرێتەوە. واتە ئەو جوغزە جوگرافییایەی کە تیایا دەژێت...

ئەو شەوە گەلێ پرسیارم بە مێشکا هات و هەستم دەکرد راپەڕینی راستەقینە میللەتێک دەبێ ئەم شوێنانە ببنە پێوەری.

تەنها لە پێناو بە یادخستەوە : باوکی نووسەری گەورەی سەدەی شانزەمی فەرەنسا مێشێل دو مۆنتێن لە یەکێ لە کۆشکەکانی چاخەکانی ناوەند دەژیا، بەڵام دوای سەفەرەکانی بۆ ئیتالیا چەرخی راپەڕین کاریگەرییەکی زۆری لێدەکات و نەک تەنها کۆشکەکەی وەکو کۆشکە نایابەکانی ئیتالیا دەرازێنێتەوە و کوڕەکەشی لە سەر مێتۆدی نوێ فێرە لاتینی دەکات. ئەم مێتۆدە نوێی فێرکردنە و سەفەرەکانی بۆ ئەڵمانیا و ئیتالیا و سویسرا وا دەکات نووسەر لە گەلێ شت بکۆڵێتەوە. هەر لە بەراوردەکانی لە مەڕ شارستانییەتەوە تا پرسیارەکانی سەبارەت بە کێشە میتافیزیکییەکان، لەوێشەوە پرسیارگەلێکی جەوهەری لەمەڕ کێشەکانی زمان...
بەڵام لە هەمووی گرینگترە : بەرهەمە ئەدەبییەکەی دو مۆنتێن-ە کە بۆ یەکەمین جار بە شێوەیەکی رەها بەرەو لێکۆڵینەوە شەخسی وەرچەرخاوە، ئەویش نووسەرەکە خۆیەتی.
ئەم شەخساندنەیە کە بە تەواوی چاخەکانی ناوەندی فەرەنسا لە دووی خۆی جێدەهێڵێ. جیابوونەوەی تاکە لە کۆمەڵ لە پێناو تاک و کۆمەڵ دا، لە دوا پێناسەدا بەرقەرار دەبێت. کەواتە : بە بێ ئەم تایبەتەمەندییانەی تاک ناتوانین باس لە راپەڕینی خۆمان بکەین...

**دانیشگای کاستیا لا مانچا-ئیسپانیا**